Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C10

# دوانەی یاخیبوون و شۆڕش لە کۆ بەرهەمی شیعریی (لەتیف هەڵمەت)دا

**پەروین عبداللە خضر، کارزان موحسین قادر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

یاخیبوون ، شۆڕش، لەتیف هەڵمەت ، گۆران ، نامۆبوون

**Corresponding Author**

barween.khudhur@su.edu.krd
karzan.qader@su.edu.krd

**پوختە:**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (دوانەی یاخیبوون و شۆڕش لە کۆبەرهەمی شیعریی لەتیف هەڵمەت)دا. یاخیبوون و شۆڕش باوەڕێکی قووڵن بۆ گۆڕانکاریگەلی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕەوتی ڕۆشنبیریی و هزریی، هەموو ئەمانەش لەپێناو داکۆکیکردن لە هاوسەنگیی و بەدەستهێنانی ئازادی و شادبوون بە ڕزگاریدا دەبن. کۆ بەرهەمە شیعرییەکەی (لەتیف هەڵمەت) هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیان و ژیواری نەتەوەیەک، کە پێیوایە گیانی یاخیبوون و شۆڕش بۆتە ڕاستییەکی سروشتیی لەنێو ناخی تاکی کورد، بەتایبەت لەو سەردەمانەی کە نەیارانی کورد دڕندە ئاسا گیانی مرۆڤی کوردیان هەنجن بە هەنجن دەکرد لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی تاکڕاوانەیان. سەرەڕای ئەمانە لەو کۆبەرهەمە شیعرییەی (لەتیف هەڵمەت)دا دوانەی یاخیبوون و شۆڕش هەموو کەرەتێک گوزارشت نییە لە هەڵچوون و پشێوی و ڕەتکردنەوە و ڕق و توندوتیژی، بەڵکو خودی شاعیر دوانەی یاخیبوون و شۆڕش وەک ڕووبەرێکی بەرفراوان وێنادەکات لەپێناو مانەوە و بەردەوامیبوون و لەیەکتر تێگەیشتن و تێڕامان لە سەردەم و دەوروبەر و جەوهەری ناوەوەی مرۆڤ و گۆڕانکارییەکان .

لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دوانەی یاخیبوون و شۆڕش کراوە لە کۆبەرهەمەکەی شاعیر (لەتیف هەڵمەت)دا ، یاخییبوون و شۆڕش لەڕوانگەی چەمك و زاراوەکە خراوەتەڕوو،لەگەڵ چەندین پێناسەی جیاجیا باسکراوە ،لەهەمانکاتدا توێژینەوەکەمان خاڵی نەبووە لە دەستنیشانکردنی نامۆبوون کە بنەمایەکە یاخود بڵێن ڕێگاخۆشکەرێکە بۆ یاخیبوون. بۆ خستنەڕووی شۆڕش و یاخیبوون لەکۆبەرهەمەکەی شاعیر چەندین وێنەی جیاجیامان شرۆڤە کردووە . لەئەنجامدا دەتوانین بڵێن پابەندبوون (ئینتما )بەهێزبوونی تاك یان کۆمەڵگا بنەمایەکی بەهێزە بۆ ڕەتکردنەوە . پرەنسیپە زۆرە ملییەکان و سەپاندیان بەسەر تاك هۆکارێکە بۆ یاخیبوون.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی ( دوانەی یاخیبوون و شۆڕش لە کۆبەرهەمی شیعریی لەتیف هەڵمەت) دا تیایدا هەوڵدەدەین وێنەی یاخیبوون و شۆڕش لای شاعیر بخەینەڕوو .

توێژینەوەکە لەدووبەشی سەرەکی پێکهاتووە، جگە لەئەنجام و لیستی سەرچاوەکان :-

**بەشی یەکەم** : لە ژێر ناونیشانی ( چەمك و زاراوەی شۆڕش و یاخیبوون ) دایە. لەم بەشەدا باس لەچەمك و زاراوەی یاخیبوون و شۆڕش لەفەرهەنگدا کراوە، چەندین پێناسەی جیاجیاش خراوەتەڕوو لەگەڵ باسکردنی نامۆبوون و یاخیبوون ، هۆکارە سەرەکییەکانی یاخیبوونیش دیاریکراوە .

**بەشی دووەمیش** : لە ژێر ناونیشانی (دوانەی یاخیبوون و شۆڕش لە کۆبەرهەمی شیعریی لەتیف هەڵمەتە ) دایە . لەم بەشەدا وێنەی یاخیبوون و شۆڕش لای لەتیف هەڵمەت لەکۆبەرهەمەکەی دەخەینەڕوو . بابەتەکە بەنموونەی شیعری دەوڵەمەند دەکەین و نموونەکان شیکردنەوەی بۆ کراوە .

### - گرفتی توێژینەوەکە :

کارکردن لەسەر وێنەی یاخیبوون و شۆڕش لەناو دەقی ئەدەبی سەلیقەیەکی باشی پێویستە ڕەخنەگر مێژووی ئەو سەردەمە بێت کە شاعیر شیعری تێدا بەرهەمهێناوە ، بەڵام هەر بیرۆکەیەك خۆی خزاندە نێو دەقی ئەدەبی کێشەیەکیش دەهێنێتە نێو ڕەخنەیەوە، ئەویش بابەتی دیاریکردنی یاخیبوون و شۆڕشە. ئایا ئەم وێنەیە توانیویەتی لەناو کۆمەڵگای کوردی شوێنی ببێتەوە ؟ ئایا لێکچواندنی بیرۆکەیەکی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی چۆن بەیەکەوە گرێدەدرێت. گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە.

### سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە :

سنووری ئەم توێژینەوە لەڕووی بابەت و مێژووەوە، کار لەسەر کۆبەرهەمەکەی لەتیف هەڵمەت دەکات .

### گرنگی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لەڕوانینێکی زانستیانەوە دەڕوانێتە دوو وێنە وەك ( یاخیبوون و شۆڕش ) لەنێو کۆبەرهەمەکەی شاعیر دەخاتەڕوو، لەگەڵ گرنگترین دەرکەوتەکانی یاخیبوون لای لەتیف هەڵمەت کامانەن .

### - هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

دەقەکانی لەتیف هەڵمەت لەژێر ڕۆشنایی چەندین ڕەهەند توێژینەوەی ئەکادیمی جیاوازی بۆ ئەنجامدراوە،بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دووانەی ( یاخیبوون و شۆڕش )،کە دوو چەمکی جیاوازن ئاوێتەی یەکتری بوونە.

### ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە .

1- خستنە ڕووی وێنەی یاخیبوون و شۆڕش لای شاعیر لەتیف هەڵمەتدا.

2- دەستنیشانکردنی هۆکاری یاخیبوونی شاعیرە و بەستنەوەی ئەم دووچەمکە بەیەکەوە .

**- ڕێبازی توێژینەوەکە :** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ( شیکاری – مێژوویی)مان بەجێگەیاندووە ، لەگەڵ ئەمەشدا تارادەیێك ڕێبازی شیکارییەکی پێوەریمان پەیڕەوکردووە. ئەم توێژینەوەیە بەشێکی پەیوەستە بە ئایین و شارستانییەتەکان و کۆمەڵگای کوردی، بەشەکەی ترەوە پەیوەندی بەلایەنی ئەدەبییەوە هەیە .

### بەشی یەکەم :

شۆڕش لە دیاردەیەکی سروشتیی وەکو گڕکان دەچێت، مەرج نییە ئەوەی لە گڕکان چاوەڕێ دەکەین هەموو کەرەتێک وێرانکەر بێت، بەڵکو هەندێک کەرەت گڕکان جۆرێکە لە بەتاڵکردنەوەی فشار و پاڵەپەستۆکان لەپێناو گەڕاندنەوەی هاوسەنگی و هەدادان، هەر ئەو گڕکانەش هەندێکجار بەرهەمێکی درەوشاوە و دەگمەن ئەنجامەکەیەتی .هەر بۆیە شۆڕش بە گۆڕانکاریی و وەرچەرخان دەناسرێتەوە، لەم سەردەمەدا هەر ناکرێت پەیوەست بکرێت بە سیستەمی رامیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ... هتد، بەڵکو شۆڕش بریتییە لە جووڵە و گۆڕانکاریی لە سروشتی شت و بابەت و مەسەلە و پرسەکانی دەوروبەرمان جا لە هەر بوارێکدا بێت .

### (1-1) : چەمك و زاراوەی یاخی و شۆڕش : -

بۆ ناساندنی دوانەی شۆڕش و یاخیبوون لەڕووی زاراوەوە بەتایبەتی یاخیبوون کەوەك دیاردەیەکی ئابووری،سیاسی، ئاینی ، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆی نواندووە لەگەڵیان ئاوێتە بووە، بۆیە ئاسان نییە بتوانین لەچوارچێوەیەك تەلبەندی بکەین .

لەفەرهەنگی (oxford)دا زاراوەی (revolution) بەرامبەر بەزاراوەی شۆڕش بەکارهاتووە،بەواتایی (( گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی بەشێوازی توندوتیژی) )(oxford, 639, 2001) . زاراوەی (revolt) بەرامبەر بە ڕاپەڕین بەکارهاتووە . بەواتایی ((ڕاپەڕین بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بەگرویێك یان دەسەڵاتێك زۆرجار توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە)) (oxford, 2001,639). هەر لەهەمان فەرهەنگدا زاراوەی (mutiny) بەکارهاتووە بەواتایی ((کردەوەیەکە تاك گوێڕایەڵی کەسی بەرامبەر یان فەرماندەکەی ناکات ، ئەگەر بارودۆخەکە باشتر نەبێت تاك یاخی دەبێت)) (oxford, 2001,492).

لەفەرهەنگی (معجم المصطلحات العربیة فی اللغة و الادب) زاراوەی التمرد (dissent) بەکارهاتووە. واتا (( دەرچوون لە یاساکانی کۆمەڵگاو شکاندنی یاسا گشتییەکانی ،چونکە باوەڕی بەدەسەڵات نییە ))( وهبە ، مهندس ، 1984، 120 ). لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا یاخی بە واتایی (( سەر بزێو ،شەق ، مانگرتوو ، متمرد ،یاغی )) هاتووە .(شەرفکندی ، 1369، 1024).

ڕەنگە بە تەواوەتی ناساندن و چەمکی شۆڕش تارادەیەک ئەستەم بێت، چونکە پەیوەستە بە زۆربەی بوار و زانستە مرۆییەکانەوە وەک: ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، کولتووریی، ئەدەبیی، ... هتد. لەپاڵ ئەمانەشدا شۆڕش و پرسی شۆڕش تێکچڕژاوییەکە لەمانەی ئاماژەمان پێدان، ئەمەش وایکردووە هەر توێژەرێک لە ڕوانگەی بوار و پسپۆرییەکەی خۆیدا بیناسێنێت و باسیلێوە بکات و لە گۆشەنیگای خۆیەوە خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات . شۆڕش لە سادەترین پێناسەیدا، بزووتنەوەیەکە لەوانەیە ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ...هتد بێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەم بزووتنەوەیە پەیوەستە بە تاکەوە، دواتر سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵێک تاک و کۆمەڵگا و نەتەوە و میللەتەوە، لە دژی دۆخێکی نەخوازراو و خراپ و ئاڵۆسکاو ڕاپەڕین ئەنجامدەدەن، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی و وەرچەرخان، لێرەدا مەسەلەی خواست و داواکردنی مافەکان ، لە بەرامبەر کۆمەڵێک یاسا و بڕیار، کە ڕەچاوی بەرژەوندی گشتیی و هاوبەشی کۆمەڵانی خەڵک نەکراوە، بە زۆرەملێ و ستەمکاریی بەسەر خەڵکیدا سەپێندراوە، کاردەکرێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە ناخۆش و نەخوازراوەی پێشوو، وەک :نادادپەروەریی، پێشێلکردنی ماف، چێژوەرگرتن لە ئازاردان، خۆسەپاندن .

زاراوەی شۆڕش بەواتایی (( ڕاپەڕی کۆمەڵی ، کێشەو هەراو ئاژاوە وانقلاب )) هاتووە ( شەرفکندی ، 1369، 477) . بەو واتاییەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵك ، دژ بە زۆرداری دێت . شۆڕشگێری (( کەسێك کە لەڕاپەڕینی گەڵ دژی دەسەڵات بەشدارە ))(شەرفکندی ،1369، 477) . لەفەرهەنگی فارسیدا لەبەرامبەر زاراوەی یاخی زاراوەیی (( ملهور ، سەرکێش ، مل نەدەر ، یاخی )) بەکارهاتووە (بابان ، 1384 ، 414). لەفەرهەنگی فەلسەفیدا زاراوەی (( التمرد ، یاخی ،revolt )) بەکارهاتووە (ئەحمەد ،2003، 57). سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە((بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە بۆ جیاکردنەوە لەکەنیسەی بەریتانیا زاراوەی dissenters بەکارهێزاوە ))( الخطیب ،1967، 20) .

لەڕووی چەمکەوە بیرمەند ئەلبیر کامۆ ڕوانینێکی فەلسەفیانەی بۆ دیاردەی یاخیبوون هەیە ،ئەویش (( خۆی لە دوو وشە ( بەڵێ و نەخێر) دەبنێتەوە ، زۆر بەقووڵتر بۆی دەچێت ، دەڵێت: (یاخیم کەواتە من هەم )))(زکریا ،1965، 52) . یاخیبوونەکە زیاتر لە ئەفسانەی سیزیفەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە((تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی یاخیبوون دەستنیشانکراوە ، یاخیبوون بوێرییە و هۆشیارییە ))( دلوبیە ،بێ ساڵ ،93). پاشگەز نەبوونەوە لە بڕیاردانی یاخیبوون بوێری دەوێت تا چەند تاکی یاخی سوورە لەسەر بڕیارەکانی، زووترو زیاتر بەرەو ئاسۆیی گەش و ڕووناکی و گەیشتن بەئەنجامی نزیك دەبێتەوە .

کەسی یاخی لە نەبوونەوە یاخی نابێت ، ئەو هێزە دەروونییەی کە هێز دەخاتە سەر هزرو بیری وادەکات کە هەست بە نائومێدی بکات بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی یان ئەو دیاردەیەی کە ڕووی تێکردووە، ئەمەش تواناو لێهاتوویی و بوێری دەوێت تاکو تاك یاخی ببێت . یاخیبوون (( ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بەردەوامە لەگەڵ دیاردە چەقبەستووەکان

لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ، بەمەش تورەیی دەکاتە ئامانج ، بەڵام توخمێکی سەرەکی کەخۆی لە یاخیبوون و تووڕەییدا دەبێنێتەوە ئەویش شۆڕشگێرییە )) (عزب ،1976، 8) . شۆڕش و شۆڕشگێری لەناو منداڵدانی یاخبوون بەرهەمدەهێنرێت . بە بۆچوونی کامۆ (( شۆڕش لەئەنجامی یاخیبوونەوە پەیدادەبیت،ئەگەرچی یاخیبوون هەڵوێستێکی ژیرو هزرییە)) (زکریا ، 1965، 53). یاخیبوونیش پێگەیەکە ڕووبەڕووی تاك یان کۆمەڵگا دەبێتەوە ، کە دیاردەیەکی مرۆییە. کەسی نوخبەو وشیار زیاتر یاخی دەبن،ناوەستن تاکو گۆڕانکاری بەدی نەهێنن. لێرەدا مەبەستی نەبوونی ڕێکەوتن یان هاوئاهەنگییە لەنێوان پێویستی عەقڵ بۆ یەکگرتنی لۆژیك . عەقڵ لە ململانێدا دەبێت تا چارەسەر دەدۆزێتەوە .

ڕەتکردنەوەی دیاردەی چەقگرتوویی (( پرۆسەیەك نییە تەنها کارکردن بێت لە سەرخراپ سەیرکردنی هەموو کۆن و ڕابردوویەك ،بەڵکو پرۆسەیەکە پلانی پێیە بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتر لەکۆمەڵگادا بێتەدی . هەروەها ڕەتکردنەوەش لەنێوان دوو ئاراستەی باش وخراپ،ئەری ونەرێدا ، ئەو ڕەتکردنەوەیەی ئومێد کوژە، ڕەتکردنەوەیەکی ئەرێنیە ، ئەوەش هیوا بەخشە، ڕەتکردنەوەی ئەرێنییە )) (میرە ،2019، 11 ).

لەڕوانگەی ئەدەبییەوە یاخیبوون بە واتایی (( بەدەستهێنانی واتاییەك ،کە لەگەڵ واتا زمانییەکەی نەگونجێت ، بەڵام بەتەواوەتی دەستبەرداری نابێت ،گرنگی زمانەوانی لە گرنگی زاراوەیدا جێگیرتر دەبێت ))(مراد ، 1997، 94) . بەکارهێنەر ڕۆڵی زیاترە بۆ گەشەسەندنی زمانی .

## (2-1) دوانەی نامۆ و یاخیبوون :

نامۆبوون بارودۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە ، بەجۆرێك تاك کۆنترۆڵ دەکات ،کە دوور لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی بژێێت . نوێنەرایەتی جۆرێک لە ئەزموون دەکات کە تێیدا مرۆڤ هەست بە نامۆ بوون لە خودی خۆی بکات. هەروەها چەندین مانای کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونی و ئابووری دیکەی هەیە ،کە دەتوانرێت بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان تاك و ئەویتر کورت بکرێتەوە، واتە بێتوانایی جەستەیی لە داگیرکردنی ئەو شوێنەی کە مرۆڤ دەبێ داگیری بکات و هەستکردن بە وابەستەیی ، بەجۆرێک کە کەسەکە دەبێتە وابەستە و تەنانەت خاوەندارێتی بێت، ئەمەش هەستێکی ناوەوەیە بە لە دەستدانی ئازادی و بێزاری و دابڕان لە دەوروبەر دروستدەکات.

چەمکی نامۆبوون (( لە سەردەمی نوێدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنراوە بۆ ئاماژەدان بە دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کە کاریگەرییان بەسەر گەورە و منداڵ،ژن و پیاودا هەیە، وەک لەحاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ، نائومێدی، تەنیایی،لەدەستدانی مانا،حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان، لەدەستدان لە کەسایەتی، و ئەوانی تر ))(جەعفەر ،1999، 59). یاخیبوون و نامۆبوون دوو دیاردەی تێکچرژاون وابەستەن بەیەکتری یاخیبوون دەرئەنجامێکی حەتمی هەستکردنە بە نامۆبوون . نامۆبوونیش دیاردەیەکی مێژوویی و کۆنە ، لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، کێشە و قەیرانەکان لەژێر یاسا و نەریتەکانیاندا سەریهەڵداوە، بە شێوەیەک لە شێوەکانی تردا (( ئەو جۆرە نامۆبوونانە تاک بەدەستیەوە دەناڵێنێت و کە هەندێکجار سەرکردایەتی بۆ ڕادەستبوون ، گۆشەگیری دەکات)).(س.پ ٣٥).لێرەدا ئەو پەیوەندییەی کە لە-نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا هەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە،کە نامۆبوون هەنگاوێکە بەرەو یاخیبوونت دەبات .یاخیبوون توندترو بەهێزترە لەنامۆ بوون . مرۆڤ نامۆ دەبێت ، ئەگەر بەرەو چارەسەرکردن نەڕۆیشت دواجار یاخی دەبێت .

## (3-1) نوێگەری و یاخیبوون :

جیاوازی نوێگەری و یاخیبوون لەوەدایە کە نوێبوونەوە لە مەیدانی ڕابردوودا بە زیندووکردنەوەو وەرگرتنی ئیلهام لە وێنە و خەیاڵ یان وەرگرتنی بیرۆکەکان خۆی نوێدەکاتەوە . کاتێك گۆرانی شاعیر و شاعیرانی دوای گۆران واتا گرووپی کفری و ڕوانگە و ئەوانی دی کە لە بواری شیعردا کردوویانە. (( گرنگترین تایبەتمەندی تازەگەرێتییە لە ئەدەبدا، ئەویش لە سۆنگەی ئارەزووی داهێنەرانە لە نووسینی هەر شێتکی تازەو ناباو بێت. چەمکی تازەگەری ئاماژە بۆ پەرەسەندن و گۆڕانکاری هزریی لەخۆی دەگرێت، ئەم چەمکەش لەسنوورێکدا قەتیس ناکرێت ، بەڵکو بەپێی سەردەم بەرهەڵستکاری سەردەمی پێش خۆی دەبێت))(خدر ، 2022، 84). یاخیبوونی شاعیر هەر یاخی بوونی سیاسی نییە ، زۆرجار لەتیف هەڵمەت نوێگەرییەکەی و یاخیبوەکەی هاو تەریبن و بەیەك ئاراستەی هەنگاویان ناوە . لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەوشاعیرە چالاکانەی کە دوای قۆناغی گۆران بەردەوام هەوڵی باشی ناوە بۆ نوێکردنەوەی دەقی شیعری ((ئێمە لەگرووپی کفری بێ بەرنامە کارمان نەدەکرد ، بێگومان بە بەرنامەیەکی تێرو تەسەل و یاخیبونێکی پڕ ئاگاییەوە کارماندەکرد )) (بەرزنجی ، 2005 ، 25) . ئەم یاخیبوونە ، یاخیبوون بوو لەو فۆرم و شێوازانەی کە ئەوکات دەقێکی شیعری پێ دەنووسرا . هەموو هەنگاوی شاعیر بۆ ئەوەبوو ئەم فۆرمە بشکێنێت .

سەبارەت بە یاخیبوون، کردەوەیەکە تەواوی ڕابردوو ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو دیاردانەی کە وەکو گۆمێکی مەنگ وابوون ، ئەو گۆمە مەنگەش بۆ شلەقاندنی بوێری و ئازایەتی دەوێت . یاخیبوون لە چوارچێوەی مەیدانی ئەو واقیعە مێژووییەدا کە تێیدا دەژی کار دەکات، واتە ڕووبەڕوو بوونەوە و ململانییەکی توندو بەردەوام لەگەڵ بیروبۆچوونە دەقگرتووەکان دەکات تاکو داهێنان یان گۆڕانکاری فەراهەم دەکات .

## (4-1) هۆکارەکانی یاخیبوون :

ڕووداو و کارەساتە گەورەکان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگادا دروستدەکەن، هەروەک شەڕ، ململانێ، بارودۆخی سیاسی، فیکری، یان دەروونی ، دەبینین ئەم ڕووداوانە لە ئەزموونی شیعری شاعیران ڕەنگدەداتەوە و ئەمیش دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی بەرەو گۆڕان هەنگاو بنێن ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە دوو جۆرە هەژین هەیە. یەکەمیان (( (هەژینی بەکۆمەڵ) ئەوەیە کە بە توندوتیژی کۆمەڵگا دەهەژێنێت و کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان دەبێت. بەو پێیەی شیعر هونەری دەربڕینە، کاردانەوەی مرۆڤە یان هونەری وەڵامدانەوەی ئازاری مرۆڤە و... گەیاندنی قووڵایی سۆزداری کۆمەڵگایە، ئەوا دەبێت گوتاری شیعریی بەپێی هەژینەکەی کۆمەڵگا کار لەسەر هەردوو ئاستی فۆرم و-ناوەڕۆکی دەق بکات .

دووەم هەژین (( (هەژینی خودییە) بوونە مرۆییەکان شاعیر دەهەژێنێت و خودی خۆی بە پێی ئەزموونێکی تایبەتی ژیانی، یان ئەزموونێکی فیکری، یان هەستکردن بە نامۆبوون بەرامبەر کات و شوێن، دەچێتە ناو فەزای سەقامگیرییەوە، بۆیە شاعیر توشی دڵەڕاوکێ دەبێت، شاعیر ئەم هەژینانە بەسەر

لایەنی کۆمەڵایەتی و فیکری و سۆزداریدا دابەش دەکات)) (سلوم ،2007 ، 21). یاخیبوون لەئەنجامی هەژینەکان ڕوودەدات چەندە هەژینەکان بەهێز بێت یاخیبوونەکە بەهێزترو زیاتر دەبێت .

### (2-1 ) : دوانەیی یاخیبوون و شۆڕش لە دەقەکانی لەتیف هەڵمەتدا[1] *

یاخیبوون ڕەفتارێکی سروشتی مرۆڤە،کە دەتوانرێت هەروەك ڕەفتارەکانی تر ستایش یان سەرکۆنە بکرێت. ئەم دیاردەییە بەهۆشیارییەوە پەیوەستە،مرۆڤ تا چ ڕادەیەك هۆشیارە ،ئەمەش بۆ ئەوەیە بتوانین ئاستی یاخیبوون دیاریبکەین، مرۆڤی هۆشیار لە واقیع زووترو زیاتر یاخی دەبێت ،بۆ یاخیبوونەکەش مەیل و ئارەزووی بۆ ڕەتکردنەوە یان گۆڕین ،پێویستی بەپاڵنەر و بوێرییە . شۆڕش ،چ سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت ڕادەی وەرگرتن و تێوەگلانی کۆمەڵگای تێدایە ، بەپرۆسەی یاخیبوون دەست پێدەکات ، هەر بۆیە شۆڕش و یاخیبوون دوانەیەکی وا بەستەن بەیەکەوە .

شاعیر لە شیعری ( ڕەنگی باران )دا دەڵێت : -

پەیمانم داوە   پەیمانم داوە
تاکو پرشنگی هەتاوی بەهار
وەك شانەندەدم لەو قژە خاوە
نایەمە دواوە
نایەمە دواوە
پەیمانم داوە
پرشنگی تازەی هەتاوی بەهار
بکەم بە شانەی قژی خاوی یار
کەڵپەی نەورۆزی ڕۆژی ئازادی
بۆ منداڵ بکەم بە دیاری شادی            ل11

یاخیبوون لای تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئەنجامی ئەو هێزە دەروونییە دروست دەبێت ، کە لایەنی دەسەڵات تین بۆ گەلی ستەملێکراو دەهێنێت .چینی ڕۆشنبیرو نوخبە زووتر درك بەو تێکچوونە دەروونییە دەکەن .ئەمە جگە لەهێزی دەروونی ، هێزی هزریش کاریگەری لەسەر بیرو هزری شاعیر دروست دەکات . شاعیر هەموو ئەو هێزە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەیی کە هەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە . هەموو یاخی بوونێک نەرێکردنی ئەو واقیعەیەکە کە لێ دەژێتدەژێت. هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەربەست و ئاستەنگیان لە بەردەم بیرو بۆچوونی شاعیر دروستکردووە .

لەم کۆپلەیەدا شاعیر یاخیبونەکەی لە وشەی (پەیمانم داوە) دەخاتە ڕوو،کە هەموو ئەو بەربەستانە دێتە بەردەمی ڕووبەڕووی دەبێتەوە تا ئازادی فەراهەم بکات و پێشکەش بە منداڵەکانی نەتەوەکەی خۆی بکات .شاعیر بەئومێدەوە دەڕوانییتە بەربەستەکان .

شاعیر لە شیعری لە (سەنگەری ژینا) دەڵێت :-

کۆسپی سەرە ڕێی قۆناغی دوورم
بە تێکۆشان و شۆڕش لێژ نابێ
بە شیلەی قوڵپی خوێناوی سوورم
برینی دڵی کورد سارێژ ئەبێ            ل14

ئەرکی یاخیبوون وشۆڕش لەئیرادەی گۆڕینی دۆخی ئێستا و ڕووبەڕووبونەوەی واقیعێکی زیندوو و ئاواتخواز و دیموکراتی ، خواستێك بۆ بەدەستهێنانی واقیعێکی باشتر ، بنیاتنانی قۆناغێکی نوێی نیشتمانە ، بەڵام ڕاستە ئەگەر بڵێن  ڕەتکردنەوەی ستەم بەیاخیبوون نازانرێت هەر یاخیبوونێك کە بنەمایەکی بنیاتنەری نەبێت بەئامرازێکی وێرانکەر بۆ نیشتمان دادەنرێت .

یاخیبوون، کردەوەیەکە بە هەڵوەشاندنەوە یان سەرپێچیکردن و ڕاپەڕین لە فۆرم و ناوەڕۆکدا هەڵدەستێت . سووربوونی شاعیر لەسەر خەباتکردن و شۆڕش و خوێن ڕشتن بنەماییەکە بۆ ئەوەی میلەت بەئامانجی خۆیَ بگات تەنیا خوێنی شەهیدان دەتوانێت برینەکانی میللەتی کورد سارێژ بکات .

ئاشکرایە کە یاخیبوون تەواوی ڕابردوو ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی خۆی لەسەر لایەنەکانی چەقبەستن و پابەندبوون لەم ڕابردووەدا چڕدەکاتەوە، چونکە ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕابردوو لە دەسەڵاتی شاعیرێکی یاخی یان تەنانەت قوتابخانەیەکی یاخیبووی شیعردا نییە .ڕابردوو هەمووکات  ئێستاتیک یان دواکەوتووی نییە، هەروەک چۆن شاعیر دادوەرێک نییە کە بتوانێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە هەمەلایەنەییەکەیدا حوکم لەسەر دیاردەی مێژوویی ئەدەب یان دەق بدات.

یاخیبوون ناوازەیە بەردەوام هەوڵی نوێبوونەوە دەدات لە چوارچێوەی ئەو واقیعە مێژووییەدا کە تێیدا دەژیت ، واتە بەردەوام لە هەوڵی نوێکردنەوەدایە لەگەڵ دیاردە چەقبەستوویەکان  هەموو بوارەکانی ژیان وەك ئەدەب و سیاسەت و کۆمەڵگادا ئەوانی تر. ڕووبەڕوو بوونەوە باشترین هێزە بەرامبەر بەدوژمن .

شاعیر لە-شیعری (لاوکی ئازادی) دا دەڵێت :

هەرچیم هەیە لێم بستێنن

---

[1] ناوی تەواوی لەتیف هەڵمەت ،لەتیف کوڕی شێخ مەحموود شێخ مەحمەد کەسنەزانییە، لەساڵی 1947 لەقەزای کفری لەدایك بووە ، لەخانەوادەیەکی ئایین پەروەرو ڕۆشنبیر ، خۆی دەڵێت : من لەماڵێکی پڕ لە کتێب و ئەفسانە و ئایین پەروەر لەدایك بوومە، هەر بۆیە وەکو منداڵێکی ئاسایی نەبووم و لەناخمدا یاخی بوون هەبوو، لەزۆربەی شتەکان و حەزم بە تازەگەری هەبوو، هەر بۆیە لەو بازنەیەی بۆم کێشرابوو شکاندم و یاخیبووم و هەر بەم هۆیەوە نازناوی هەڵمەتیان لێنام، هەڵمەت بۆ سەر شتە کۆنەکان بۆ سەر شتە باوەکان و دژ بە هەموویان وەستامەوە.

هەرچی یەسقان لەلەشمایە
یەکە یەکە
هەمووی بەگاز دەربهێنن
بەلام توخوا
نەکەن هەرگیز
چلی داری ئەم نیشتمانە بشکێنن 417ل

لەم دەقەدا هەستی نیشتمانپەروەری لای شاعیر لە لووتکەدایە، شاعیر ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدات و دەڵێت (هەرچیم هەیە) ،کە دەتوانێت دەست بەرداری هەموو جەستەی خۆی بێت ،بەڵام نیشتمان هیچی بەسەر نەیێت.

ماده بچووکەکان لای شاعیر بەهایەکی نەبراوەی هەیە،بۆیە ئاماژە بەچلی دارێك دەكات . سروشتی جوانی کوردستان و پارێزگاری کردن لەم سروشتە بەشێکە لە ئینتمابوونی بۆ خاك و نیشتمان ، شاعیر بەرگری لە چڵێ دارێکی نیشتمان دەکات کە بە فیڕۆ نەدرێ ، خودی خۆی نەرێ دەکات لەپێناوی مانەوەی نیشتمان . شاعیر لەم دەقەدا وشەی و قەبەی وەکو (یەسقان ،گاز ) لە دەقێکی پڕ واتای شۆڕشگێڕی بەکارهێناوە . لە دەق شۆڕشگێڕیدا پێویستە وشەی بەهێزو بەزەبر بەکاربهێنرێت ، دەق وشەکان هەڵدەبژێت لەگەڵ ئەوەشدا تاچەند شاعیر کاریگەرە ، کاریگەریەکەش هەمان ڕۆڵی لەهەڵبژاردنی وشەکاندا هەیە .

شاعیر لە شیعری (شەبەق لە ووشەدا) دەڵیت :
لە دوو کەڵی گەردەلوولی ستەما
لە لێڵایی کەفی بیابانی تەما
لەناو دەمی جۆشی هەڵمەت و شەڕا
لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا
* * *
بۆ کاروانی
تینووی تیشکی ڕۆژی تازە
ئەو کاروانە کەوا لەرێ لاناڵا
ئەچێ بەگژ بوومەلەرزەی چیادا
سامی دیلی وچەوسانەوە ڕائەماڵێت
دەس ئەخاتە بینی کام شەو ناسازە
لەرەی وشە لەگەرویدا ئەناڵێت
ئاگر ئەنێ بەهەورەوە وەکو زەل
خورێکی نوێ دروست ئەکات بۆ ئاسۆی گەل 15-14ل

چەوسانەوە و ژێردەستەیی هۆکارێکە کە ڕوو بەڕووی شاعیر دەبێتەوە . شاعیر نامە و ناسنامەی میللەتەکەی وەکو پەیامێک بە دەسەڵات دەگەیەنێت . دەڵێت کە ئێمە هەین و بەردەوامین لەخەبات هیچ هێزێك نییە ببێتە بەربەست لەپێش سەرکەوتنەکانمان . لە ڕێگای ئەم دەقانەوە هەوڵ دەدات سەربەخۆیی سیاسی بێتە ئاراوە. شاعیر بیر لەو واقیعە کۆمەڵایەتیی و سیاسیانە دەکاتەوە ، کە نەتەوەکەی تێدا گلاوە. ئەمە نەک هەر شیعر تێنوێتیی بشکێنێت،بەڵکو شاعیر هەڵوێستی توندی لە هەمبەر ئەم واقیعەدا دەنوێنێت و دەقەکانی هێندە بەهێز و کاریگەرە میللەت وشیار دەکاتەوەو کاریگەری لەسەر تاکەکان دروست دەکات ، شیعری شۆ ڕشگێڕی لەو شوێنانە سەر هەڵدەدات و نەشونما دەکات ،کە ژێر دەست بن ،شیعری شۆڕشگێڕی بەشێکە لە ئەزموونی شیعری نەتەوەیی،. بۆیە شاعیر ئەم هەڵوێستەی دەنوێنێت کە پڕە لە یاخیبوون وشۆڕشگێڕی یاخییە بەرامبەر دەسەڵات .

شاعیر لە شیعری (چاوم ئاراستەی گەلێ ئاواتە) دا دەڵێت :
چاوم ئاراستەی گەلێ ئاواتە
سەرنجم نوقمی بەهاری نەوە
دوێنێ ئەیان وت :- سەوزی ناگاتە
بەفرێك کە نوقمی تاریکە شەوە
نەیان ئەزانی کەئەم وڵاتە
هەزاران ساڵە چاوگەی خەباتە
دوژمنە دیلی و زنجیری خەوە 6ل

یاخیبوون و شۆڕش دوانەیەکن ئاوێتەویی یەکتربوونە. شاعیر شیعرەکانی دژی هەموو چەوسانەوەیەک دەخاتە ڕوو و هانی مرۆڤەکان دەدات و کە وشیار بن بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەی کە هەیە .لەم دەقەیەدا وشەی ( دژی دیلی و زنجیر خەوە ) ی بەکارهێناوە ، تۆی هەستی نەتەوایەتی لە دەروونی هەر تاکێکی کورد دەچینێت دیلی ئاماژەیە بۆ ژێر دەستی ،زنجیر ئاماژە بۆ بەندیخانە ،خەو ئاماژەیە بۆ بێ ئاگایی و نووستنی هەر تاکێکی کورد کە زوڵمی لێکرا بێت.

شاعیر دژی نا دادی و نا یەکسانی و نا داپەروەریی و ستەمکارییە. هەر زوو درکی بەو ستەم و زۆرداریيە کردووە ، بۆیە قەلەمەکەی دەستی چەک ئاسا بووە و هەڵوێست و خەباتی شاعیر بە دەقەکانیەوە دیارە .

شاعیر لە شیعری (مردن لەخوێی شەوایە) دا دەڵێت :

تێنوێتی گەردەلوولەکان
تیشکی گڵۆپی شەقامەکان ئەخواتەوە
ئەڵێن چلی سەهۆڵی ژیان
دیاری گۆڕستانە دورەکانی پشت مێژووە
بەڵام من وەڵامیان نادەمەوە
چونکە لەخۆپیشاندانەکەی ئێوارەدا
شتێکم وت وەك وەڵام وابوو 23ل

ڕوحی شۆڕشگێری، ڕوحێکی نەمرە لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر ، لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر ،لەنەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت . هەندێك جار ڕوحی خەبات و شۆڕشگێری کپ دەبێتەوە ، بەڵام نامرێت . هەرکاتێك زوڵم و ستەم گەیشتە لووتکە ، خەبات و شۆڕش وەکو کانیاو دەتەقێتەوە هیچ هێزێك نییە بیبێتە بەربەست لەبەردەم خەبات و شۆڕش. شاعیر هیواو ئومێد لەدەستنادات، بەردەوام دەبێت لەسەر یاخی بوون وشۆڕشگێری خوێ بەئومێدەوە دەڕوانێتە ئاسۆ کە ڕۆژێك دادێت کانیاوی ڕق ئەستووری تۆڵە بەڕووی داگیرکەر دەتەقێتەوە .(( ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی کە-شاعیر تێدا دەژی و ئەو نەریتەکۆمەڵایەتیانەی کە دەوریداوە، لەوانەیە لەمەش زیاتر درێژ بێتەوە بۆ ڕەتکردنەوەو نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەو سیستەمەی کەلەژێریدا دەژیت ))(زاهد ، 2005، 6)

لە شیعری شۆڕشگێریدا ڕەمز لە دارشتنی دەقدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت . لەم کۆپلەیەدا وشەی ( تێنوێتی گەردەلوول ) بەکارهاتووە . ئاماژەیەکە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ، میللەتی کورد ئەوکات تینووی ئازادی بوو. ئەگەر دەق ناوەندێتی خۆی هەبێت و توانیبێتی بەتێپەربوونی کات ناوەندی هزری و معرفی خۆی بسەلمێنێت ، ئەوکات دەق سەنترالی خۆی لەدەست نادات. لەم کۆپلەیەدا کاتێك شاعیر دەڵێت . من وەڵامیان نادەمەوە ....... شتێکم وت وەك وەڵام وابوو . ئەمە خۆی لەخۆیدا یاخیبوونە بەرامبەر دەسەڵات . تیمەی دەقەکە بریتییە لە (یاخیبوون و شۆڕش) ،کە ئەم دووانە ئاوێتەی یەکتری بوونە .

شاعیر لە شیعری (لقی هەتاو) دا دەڵێت :
ووشەکانم دروست ئەکەم لەیادی
ئەوانەی وا کۆڵیان نەدا لەتێکۆشان
قوڵپی خوێنی چری خۆیان بۆ ئازادی
ڕۆژانە ناو گەرووی تینوی چرای ژیان
* * *
ووشەکانم دروست ئەکەم ئەبەو خوێنە
کەلەشەوی شەپۆلی دری شارەکەما
لەناوجەرگەی بەندیخانە هارەکەما
لەئەلبوومی بیرەوەری یارەکەما
لەسەر پەڕەی نەبەزینی گەلانا
لەقوڵایی خۆشەویستی دڵانا
بۆ خەبات و سەر فرازی بوو بە وێنە
* * *
ووشەکانم دروست دەکەم لەهاواری
ئەو خێزانەی کەوا بەزۆر دەرکراوە
لەگۆرانی تینوی تۆڵەی چاوەنواڕی
ئەو کۆرپەی کەلە باوك جێماوە
* * *
بەئومێدی ئەوانەی وا چاوەی دڵیان
چاوەڕێیە زەرد بگرێ بۆڵی بەیان
ئەوسا وەکو گڵپە و گڕی بارووتێ
هەر پیتێکم زۆردارێکی تیا ئەسووتێ 28-29ل

شاعیر چەندین وێنەی یەك لەدوای یەکتری دەخاتە ڕوو ، کە هەروێنەیەك لەئازارو نەهامەتیەکانی نەتەوەی کورد پێکهاتووە . ڕق وتوڕەیی بەرۆکی شاعیری گرتووە ، بۆیە هەر ڕووداوێك کە بەسەر کوردستان داهاتووە وشەی لێ دروست دەکات . لەوێنەی یەکەمدا شاعیر وشەی لەخوێنی ئەو شەهیدانە دروست دەکات کە گیانی خۆیان لەپێناوی ئازادی کوردستان بەخت کردووە ، ئەوپێشمەرگانەی کە خوێنکردە فیدای نیشتمان بوون بەپێشمەرگە خۆی لەخۆیدا یاخیبوونە .

لەوێنەی دووەمدا وشەکانی لەرق وتۆڵە دروستدەکات ، کە ڕژێمی بەعس شەوانە بەدرندەترین شێوە پەلاماری خەڵکیان دەداو بەندیخانە نەبوو هاواری گەنجی تێدا بەرز نەبێتەوە . لەوێنەی سێیەمدا وشە لەئازاری ئەنفال کە چەندین منداڵ کە چەندین منداڵ بێ باوك مانەوە بەئومێدی گەڕانەوەی باوکیان بوونە وە هەروەها ڕووداوی ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان ،کە بەزۆرە ملێ ڕادەگواسترانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملییەکان . ئەمانە کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردبوو ، کە دەقێکی وا بەرهەمبهێنێت .

شیعر یان هەر فۆرمێکی دی ئەدەبی زۆرجار پێویستی سەردەم پڕ دەکاتەوە ، میللەتی کورد لەو سەردەمەدا پێویستی بەوە بوو ، دەقەکانی ئەوها تفەنگ ئاسا بێت (( بوونگەراکان لە ڕوانگەی یاخیبوونەوە سەیری دیاردەی ڕەتکردنەوە دەکەن لەکۆمەڵگادا،چونکە کاتێك پرسیار لە مرۆڤی یاخی دەکەن و دەڵێن کێیە ؟ ئەو مرۆڤەیە،کە شۆڕش دەکات و یاخی دەبێت و لەپەیامەکەیشی پاشگەز نابێتەوەو دەیەوێت دنیا بگۆڕێت )) (میرە ،2015، 11) . شاعیر پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێت ، ئەو برینانەی کە بەهاو مانا جوانەکانی ئاڵۆزکردبوو ،ئاشتی و ئارامی لەنێو هیچ ماڵێکی ئەوکوردستانە نەهێشت بوو . (هاوارکردن) هەوڵدانێکە بۆ بەئاگاهێنانەوەی میللەت وکۆمەڵگا لەوخەوانەی تێکەوتوون .

شاعیر لە شیعری (ووشە سووتاوەکان) دا دەڵێت :

باڵی ئەم دارە شۆڕانە ڕامەوەشێنن

دارستانی ئەم تاریکە شەوە

ئاوسی ژەنگ و بزمارە

توخنی ئەم بیرە مانگە مەکەون

ڕشانەوەی شەو لەوتانویەتی

دەسا بە ئەم پەیکەرە لەخوێ دروست کراوانە

پەراش پەراش کەین ل30

شاعیر کۆمەڵە وێنەی یەك لەدوای یەکی نیشانمان نیشاندەدات ،هەر وێنەیەك بۆنی زۆڵم و زۆرداری دەدات .لە وشەی (تاریکە شەو ، ژەنگ و بزمار ، ڕشانەوە ، پەیکەری خوێ ) پێمان دەڵێت ئەو زوڵم و زۆردارییە بەسانایی دەڕوخێنرێت ،چۆن خوێ لەئاودا دەتوێتەوە ، ئەم زوڵم و زۆرداریەش بە یاخیبوون و هەڵگیرسانی ڕاپەرین و شۆڕشی کوردی و لەناودەچێت . تەنیا بوێری و خۆراگری دەوێت . ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی دەقەکە ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵی کورد لەمێژە چاوەڕوانی مژدەی سەرکەوتنن .

شاعیر لە شیعری ( ئەم کولەکانە ئەشکێنم )دەڵێت :

ئەم کولەکانە ئەشکێنم

پەرستگاکان ئەڕووخێنم

وشەکانی ئامێتە ڕەگی زەوی ئەکەم

شینایی ئاسمان

وەکوو چڵی یادگار

لەسەر دڵما ئەشکێنم

ئەوە باوەڕی منە ل31

لە یاخی بووندا ، هەست و سۆز ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت . شاعیر هەست و سۆزەکانی بە ڕێگای هەڵچوون خستۆتە ڕوو. ئەو زەمەنەی،کە شاعیر تێدا ژیاوە زەمەنێکی نالەبار و سەخت بووە، بۆیە لەدەقەکەیدا یاخی بوونێکی زۆری پێوە دیارە. شاعیر لە ڕێگەی زمانی دەقەوە یاخی بوونێکی توندی پێوە دیارە لە بەکارهێنانی وشەکانی ( ئەشکێنم ، ئەرۆخێنم ) مەبەستی شاعیر پەرستگا پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام نییە ، زیاتر شاعیر مەبەستەکەی پەرستگا سیاسییەکان ، کۆمەڵایەتی و ئەوانی ترە . شاعیر دەڵێت : (( بە بۆچوونی من ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاتی هات ئیلغای جێگەی کرد بۆ خواپەرستی هەموو گەردوونی کرد بە جێگەیەك کە خوای تێدا بپەرسترێت خوا بت نییە لە پەرستگا یەکدا بپەرسترێ ، بوونی خوا لە هەموو شوێنێک دا هەیە، لەبەر ئەوە لە هەر شوێنێک ڕوو لە خوا دەکەی دەتوانی خوای خۆت بپەرستی ئەمە لەلایەک ، لە لایەکی ترەوە ، ئەو پەرستگایە تەنها پەرستگای ئایینیەکان ناگرێتەوە، پەرستگای سیاسییەکانیش دەگرێتەوە،لە هەندێک وڵاتدا سیاسەتمەدار و سیاسەتکار دەپەرستێ )) (هەڵمەت ، 75 -76) . شاعیر پەرستنی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە . شتە پیرۆزەکان هەتا هەتایی ڕەنگە بەپیرۆزی نەمێننەوە ، ئەم دەقە دوو لایەنەیە ڕەنگە شاعیر مەبەستی شکاندنی ئەو فۆرمە شیعرییە بێت ،کە ساڵانێکە لەچوارچێوەیەکی داخراو دەسوڕێتەوە ،شکاندنی هەموو ئەو کۆت و بەندانە کە لەبەردەم شیعردا هەبووە . شاعیر (لەتیف هەڵمەت) لە دیدارێکدا دەڵێت: ((من، یەکەم کەس بووم کە شەرعیەت و ڕەواکاریم دا بە شیعری بێ کێش و سەروا، پێش من هیچ کەسێك بەو شێوە زۆرە، شیعری بێ کێش و سەروا نەنووسیوەو لە دیوانێکدا بڵاوی نەکردووتەوە، ڕەنگە یەکێ لێرە و لەوێ شیعرێ دووانی نووسیبێ، بەڵام وەکو ئەوەی بێت کۆمەڵێ شیعری بنووسێ، بەبێ کێش و سەروا و بە دیوانێك بڵاوی بکاتەوە، کەس پێشی من ئەو جورئەتەی نەبووە)) (سلێمان ، 2011: 26).

شاعیر لە شیعری (چەند مەشقێکی دەروونی بە وشە) دەڵێت :

ڕۆژەکانی هەفتە

لەدووبارەکردنەوەی خۆیان

بێزاربووە

هەینی بڕیاری داوە

مۆڵەت لەمزگەوتەکان وەربگرێ و

ئەمساڵ بچێ

بۆ حەجی پیرۆز

جا ئیتر نازانم ئەم ماوەیە

چۆن نوێژی هەینی بکەین ... ل1317

مێژوو نووسان ناولێنانی ڕۆژەکانی هەفتە بۆ بابیلییەکان دەگەڕێننەوە ،بابیلییەکان یەکەم کەس بوونە هەفتەیان بەسەر حەوت ڕۆژ دابەشکردووە. بە بۆچوونی ئەوان (( ڕۆژەکان ، کەڕۆژەکانی هەفتە هاوتاییە لەگەڵ قۆناغەکانی مانگ کە حەوت ڕۆژ دەخایەنێت ، ڕەنگە هاوشێوەی ئەوتەنە ئاسمانییانە

بێت ،کە لەوسەردەمەدا ناسراو بووە هەروەك خۆر ، مانگ ، عەتارد ، موشتەری ، زوهرە ، مەریخ ، زوحەل بووە )) (الثقفی ، 1996 ، 28-30 ) . ڕۆژی هەینی لە وڵاتە موسوڵمانەکان بەچاوێکی گەورە و پیرۆزەوە سەیر دەکرێت. ، لەوڵاتە عەرەبییەکان و لای کوردیش ئەو ڕۆژە پشووی فەرمییە . لەقورئانی پیرۆزدا سورەتێك بەناوی سورەتی جمعە هەیە خوای گەورە دەفەرموێت (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ )) (سورة الجمعة ،اية 9). لەرۆژی هەینی نوێژ بەکۆمەڵ لەمزگەوت ئەنجامبدەن .
حەجکردن و نوێژکردن هەردووکییان ئەرکەکانی ئیسلامن . هەینی مووڵەت لەمزگەوت وەردەگرێت بۆ ئەوەی سەفەری حەج بکات . لێرەدا شاعیر پرسیاری لا دروست دەبێت ، ئەگەر هەینی مووڵەتی لە مزگەوت وەرگرتووە بۆ مەککە سەفەربکات ، ئایا بۆنەی ڕۆژی هەینی و نوێژی بەکۆمەڵی ڕۆژی هەینی چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئایا پیرۆزیەکان دەشێوێندرێت ؟. لەم دەقەدا شاعیر کەسایەتی بە ڕۆژەکانی هەفتەداوە.
لێرەدا پرسیارێکی دی سەرهەڵدەدات ئایا شاعیر لە مرۆڤەکان بێزار و یاخییە ، یان ڕۆتینی ژیان وادەکات لەهەموو ئەو هێز و ژیانە کە هەیە یاخی بێت . (( بە هەرحاڵ ئەگەر لە ئاستی بینراوی دەقەکەشدا نەتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە ، ئەوا لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کات و شوێن کە دوو ڕەگەزی سەرەکین کە بوون لەواندا دەگاتە ئەنجام و مەبەست لە بوونیش لەو ئاستەیدا کە لێرەدا مەبەستمانە تەنیا مرۆڤە ، بۆیە دەشێ خودی ئەم دوو رەگەزە زیندووەش لە ئەنجامی پەیوەستبوونیانەوە بە مرۆڤ و بوونەوە خاسێتەکانی مرۆڤ وەربگرن .دیسان لێرەدا دەشێ ئەو لێکدانەوەیەش بکرێت کە پەیوەستبوونی شاعیر بە ئایین و بە سرووتەکانی ئایینەوە وەهای کردووە کە تەنیا لە ڕوانگەی ئایینەوە سەرنجی کات و تەنانەت شوێنیش بدرێت و ئەو کات و شوێنانەی کە لە ڕوانگەی ئایینەوە پیرۆزن ئەوانە ڕووبەرێکی دیاری کراو لە جوگرافیای شیعرەکە داگیر بکەن . ئەوەشی کە شاعیر وەکو پرسیارێکی بێ وەڵام لە ئاستیدا رادەمێنێت ئەوەیە کە دڵنیا نییەو نازانێت لەمەو دواو تا ئەو کاتەی کە هەینی لە حەج دەگەڕێتەوە چۆن نوێژی هەینی بکەن.))(قەرەداغی ،2023، سایدی ئەلکترونی ) . نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوت ناسنامەی ڕۆژی هەینییە .ئایا ڕەگەزی دی وەکو مرۆڤەکان یاخی دەبن . هەینی لە دووبارە کردنەوە و چەند بارەکردنەوەی نوێژکردن بێزارە ؟ ئەم پرسیارە لە کۆمەڵگایەکی موسوڵمانی و ڕۆژێکی پیرۆز دەبێت نەخێر بێت . ئەی بۆ ڕۆژەکانی هەفتە بۆ شتێکی دی هەڵنەبژارد؟ بەمەش ڕەنگە بڵێن هیچ شتێك وەکو ڕۆژەکانی هەفتە دووبارە نابێتەوە ، ژیانی مرۆڤیش وەکو ڕۆژەکانی هەفتە هەموو ڕۆژێك هەمان شت دووبارە دەبێتەوە .
شاعیر دیسانەوە دەڵێت :

شەممە بە پاسپۆرتێکی سەختە
دەڕوا بۆ ئیسرائیل و
لوێ دەبێ بە پەنابەر.....
لەوانەشە بیێ بە
کتێبفرۆش پێتان ئەڵێم : یاخی بن

ئەمجارەیان ڕۆژی شەممە لای جولەکەکان پیرۆزە ، ئەی بۆ بەپاسپۆرتی سەختە بۆ ئیسرائیل دەچێت، بەها پیرۆزییەکان هەر بەجوانی دەمێنێتەوە بۆ بێ پاسپورت ناچێتە ئیسرائیل ، ئەگەر شاعیر بەمەبەست ئەم ڕۆژانەی نەخستبێتە بەر دیدی خوێنەر، بۆ نەی دەوت هەینی بە پاسپۆرت بۆ ئیسرائیل دەچێت. دیسانەوە لێرەدا خوێنەر دەخاتە دوودڵی و گومان. پیرۆزەکان بەرامبەر بەیەك دەوەستن شاعیر پارادۆکسێکی دروستکردووە لەڕووی هزرییەوە .(( بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی لەخوێندنەوەیاندا دەردەکەون کەجۆرە یاخیبوونێکی پێوەدیارە ، یاخی لەبارودۆخ ، لەدیاردە دزێوەکان ، لەدەسەڵات ، لە بیرودیدی چەقبەستوو دواکەوتووی کۆمەڵ و -تاکەکان))(میراودەلی ، 1996 ، 4). کەسی یاخی خۆی بەبێگانە لەوڵاتی خۆی دەبینێتەوە،ئەوەی ڕاستی بێت نابێت هیچ تاکێك خۆی بەبێگانە و پەناهەندە لەزێدی خۆی ببێنێتەوە. شەمە بۆ ئیسرائیل بچێت یان ببێتە پەنابەر یان کتێبفرۆش. (پەنابەر و کتێب فرۆش) دوو بیرۆکەی زۆر لێکدوورن. شاعیر یاخییە لەدەسەڵات ، یاخییە لەمیللەت کە بۆچی ڕوو لەکتێب خوێندنەوە ناکەن ، بۆ کتێب ئەو خوێنەرەی نییە ، دیارە ئەمەش ئاماژەیە بۆ خەڵکی ئیسرائیل کە تامەزرۆی خوێندنەوەن.

پەنابەر یاخیبوون ←
کتێبفرۆش ڕۆشنبیر ←

شاعیر ئەو بۆچوونە لای خوێنەر دروست دەکات (( بە ئاشکرا دەبینین ئەو دۆستی کتێب و زانینە ئێمە بەجێ دەهێڵێت و دەچێت لە ئیسرائیل دەبێت بە کتێب فرۆش کە ئەمەش لە ئاستی دووەمدا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئیسرائیل خەڵکێکی لێیە دۆستی کتێبن و کتێب دەکڕن بۆیە شەممە لەوێ ئەو کارە هەڵدەبژێرێت کە دەشێ لەلای ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت . هەروەک دەشێ وەهایشی لێک بدەینەوە کە شەممە هێمای زانین و فێرکردنە هەر بۆیە ئەرکی کتێب فرۆشی هەڵدەبژێرێت هەتا لەو ڕێگایەوە ئەوەی دەیەوێت لە پێناوی فێرکردندا بە جوانی بە ئەنجامی بگەیەنێت )) (قەرەداغی ،2023، سایتی ئەلکترۆنی )).یاخی بوون لای گروپی کفری زۆرکات لە یاخیبوونی سیاسی و-کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێت بۆ یاخیبوونێکی ئەدەبی و هزری .
لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

یاخی بن
لەم هەموو نەخشە و باجە
یاخی بن لەم مەیدانە
لەم گەراجە
کە مرۆڤی وەکو ئامراز تیا هەڕاجە
یاخی بن یاخی بن
لەو قەومانەی
کە سووری خوێنی حەلاجە!

یاخی بوون واتە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە ویستی لێ نییە، یاخود تێپەڕبوونی بارێکی دەروونی سەخت کە کاردانەوەی لەسەر مرۆڤەکان دروست دەکات وا دەکات مرۆڤەکان بشێوێن و باری دەروونیان نا ئارام بێت ، زۆر جار ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ لادان لە نۆرمە ئاساییەکان ، یاخود خۆ دزینەوەیە لە شتە باوەکان، هەوڵ دەدات ژیانێک تایبەت بە خودی خۆی بنیات بنێت،کە-ساتێکی تایبەتی خۆی هەبێت .لەڕوانگەی دەروونییەوە (( شێوەیەکی ڕەفتاری زیادەڕۆییە لەدەرەوەی نۆرمدا، هەروەها هەستکردن بەڕەتکردنەوەی هەموو شتێك کەدەوری تاکی داوە ، ئەو ڕەفتارە دەرهاویشتەیەکە کە لەوانەیە دوژمنایەتی و ڕق و کینە بەرامبەر بەو داب و نەریتەی کەپێ ئاشنابووە هەبێت )) (زاید ، 2000 ، 7 ) .

یاخی بوون زۆر جار دەچێتە دۆخێکی مەترسیدار ئەگەر هاتوو کەسی یاخی گەیشتە ئەو ئاستەیی دەروونی شاعیر تێك بشکێنێت و بەرەو هەڵدێری ببات ،بەڵام یاخی بوون دیوێکی باشی دەبێت ئەگەر هاتوو بووە هۆی سەرکەوتن و داهێنان و نوێخوازی، ئەگەر ئاورێک لە مێژووی گرووپە نوێخوازەکان بدەینەوە ، دەبینین زۆربەی گرووپەی نوێخوازەکان بەرامبەر بە دەستەڵات یان بەرامبەر ئەو ئەدەبەی کە پێش ئەوان هەبووە یاخی بووبوون . لەساڵانی حەفتاکانەوە سیمای یاخیبوون بەدەقەکانیانەوە دیاربوو.

لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( بۆ ئەو ڕۆژەی کەهالی ئەکشێ )دەڵێت :

دارە مەیتی خەوم پێیە

من هاتووم هاوار بکەم منم منم

یاخیم یاخیم لە ژیانم .... لە مردنم

من هاتووم پێتام بڵێم گەورەکانی ئەم شارە

پاڕانەوە لەنەزەرگای پێغەمبەران هەتاکوو کەی

پاڕانەوە لەپیاو چاکان هەتاکوو کەی

پاڕانەوە لە خواو قورئان هەتاکوو کەی

هەتاکوو کەی هەر چاوەڕێن کات لەدوای کات ل77

لەم دەقەدا

لەم دەقەدا شاعیر یاخیبوونی خۆی دیاری دەکات ، لەهەموو ئەوشتانەی دەوری داوە یاخییە ، ڕووی ئاراستەی گەورەکانی شار دەکات . یاخیبوونەکەی ، یاخیبوونێکی خودیی وسیاسی ئاوێتەی یەکتری کردووە . شاعیر لەم دەقەدا نائومێدی پێوە دیارە پێچەوانەی دەقەکانی تر . شاعیر ئومێدی نەماوە تەنیا تاکە ئومێدێك مابێت نزاو پاڕانەوەکانە فریایان بکەوێت ، لەکۆتایی دەقەکە ئومێدی بۆ دەگەڕێتەوە باوەڕ بوون بەخود ڕووی لەزیادی دەکات و دەڵێت

سەردەمی چەرخی .. موعجیزات

بڕایەوە .. بڕایەوە ..کۆتایی هات

برەودان بەخەبات و تێکوشان تاکە ئومێدی شاعیرە . میللەتی کورد تەنیا بەخەبات وتێکوشان وخوێن ڕشتن دەکاتە سەرکەوتن .

## ئەنجام :

لەکۆتایی باسەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەدا :

1- یاخیبوون بەگشتی دیاردەییەکی دەروونی و هزرییە ، تاك لە ئەنجامی سووان لەو دیاردەیەی کە بەرۆکی کۆمەڵگا یان تاك دەگرێتەوە دروست دەبێت . دووبارەبوونەوەی کردارەکان بەبێ ئامانج لێکەوتەیەکی خراپ لێدەکەوێتەوە ،ڕەنگە ئەنجامێکی نا تەندروستی هەبێت ، هەروەك لای شاعیر لەتیف هەڵمەت ئەم دیاردەیە یاخیبوونی لێکەوتۆتەوە.

2- ئەم دیاردەیە واتا یاخیبوون لەئەنجامی پابەند بوون (انتماء) لەدایك دەبێت ، تاك نیشتمان و وڵاتەکەی خۆی خۆشدەوێت . کاتێك وڵات دەکەوێتە بەر هێرش و زوڵم و زۆرداری ،هەستی نەتەوایەتی زیاتر خۆی دەخزێنێتە ناو دڵ و دەروونی تاك ، هەر وەك لەتیف هەڵمەت بەزۆری ئەو شیعرانەی کەوتۆتە ئەو کاتەی کە ڕژێمی بەعس حوکمی دەکرد ، یاخیبوونەکەیی زیاترياخی بوونێکی سیاسییە . شۆڕش و یاخیبوون لای لەتیف هەڵمەت دوانەیەکی نەبڕاوەن و ئاوێتەی یەکتری بوونە .

3- هەموو مرۆڤێك یاخی نابێت،زیاتر ئەو کەسانە یاخی دەبن کە درك بەئازارەکان دەکەن . بوێریی و بڕیاردان بنەمایەکی پتەویی یاخیبوونە ،کەسی یاخی لەبڕیارەکانی پاشگەز نابێتەوە تاکو نەگات بەئەنجام هەروەك لە زۆربەی دەقەکانی شاعیر بڕیارێکی توند دەدات وپاشگەز نابێتەوە تاکو ئەو نەخشەی کە کێشاویەتی نەیگۆڕێت و بەئامانجی خۆی نەگات .شاعیر لەزۆربەی دەقەکانییەوە بە ئومێدەوە لە دوارۆژ دەڕوانێت .

4- یاخیبوون لای شاعیر تەنیا یاخیبوونێکی سیاسی نییە ، بەڵکو یاخیبوونی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبی .... لەدەقەکانیدا ڕەنگیدایەتەوە. بەتایبەتی لەدەق ( ئەم کولەکانە ئەشکێنم ) یاخیبوونێکی ئەدەبی پێوە دیارە. شاعیر یاخیە لەبەرامبەر ئەو شیعرانەی کەچەندین ساڵە بەیەك فۆڕم و ئاوازە دەنووسرانەوە و یەك شێوازیان هەبووە ، شاعیر هەوڵی گۆڕینی ئەم فۆرم و شێوازەیدا بۆ نموونە برەوی بەشیعری ئازاد دا .

**5**- شیعر و شۆڕش پێکەوە پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە و پشکدارن لە پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگاکان، هێزی وشە و خامەی شیعر هیچی کەمتر نییە لە هێزی شمشێر و چەک. بێگومان بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی هێزی وشە و هزر و بیرکردنەوەی ، هاوکات و هاوکوف بوونە . لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، شیعرەکان زۆرکات بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و بەردەوامبوون لە شۆڕش وخەبات نووسراوە بۆ نموونە لەدەق (مردن لەخوێی شەوایە).

6- نامۆ بوون و یاخیبوون دوانەیەکن بەیەکەوە گرێدراون ، تاك نامۆ دەبێت ، ئینجا یاخی دەبێت . یاخیبوون دواپلەیی نامۆ بوونە. تارادەیەك جۆرەکانیشیان لەیەکەوە نزیکە ،نامۆ بوونی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایینی ..... هەمان دیاردەش لە یاخیبوون دەبینرێت .لە دەقەکانی لەتیف هەڵمەتدا بەتایبەتی لەدەقە شۆڕشگێڕیەکانیدا نامۆییە بەودەسەڵاتەی کە بوونی هەیە،لەپاشان یاخی دەبێت و هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە.

## سەرچاوەکان :

- قورئانی پیرۆز

- بەرزنجی ، هەڵۆ (2005). پرسیارەکان هێشتا تێنوی وەڵامن ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .
-سلێمان ،شەمیران (2011). ڕووبەڕوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .
- قەرەداغی ،عەتا (2009)،
- هەڵمەت ، لەتیف (2014). دیوانی لەتیف هەڵمەت (سەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ) ، ناوەندی غەزەلنووس ،تاران .
-قەرەداغی ،ئەکرم (2006). پابەندبوون لەئەدەبدا ،گ .ئاینده ،ژ.69. سلێمانی .
- میراودلی، کەمال (1996). لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ سەرنجێك لەسەر خوا وشارە بچکۆلەکەمان ،ر. هەتاوی ئەدەبی ، ژ (4 -5 ).
-خدر، پەروین عەبدوڵلا (2022 ). فۆرمەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی ( 1978 - 2000 )،باشووری کوردستان ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەڵاحەدین .
-میره ،ئەحمەد محەمەد(2019).دیاردەی یاخیبون لای (شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوط) دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانه) و دیوانی (شرق عدن عزب الله...)بەنموونە)، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی .
- الثقیفی ، ابن عاصی (1996) .الانواء والازمنة و معرفة اعیان الکوکب فی النجوم ، دار الجبل ، بیروت .
- جعفر ، محمدراضی (1999). الاغتراب فی الشعر العراق المعاصر مرحلة الرواد ، القاهیرة .
-الخطیب ، قحطان فؤاد (1967). مصطلحات مختارة فی الادب واللغة والدراما ، ط(1) ،الموصل .
-دلوبیة ، روبیة (د.س) . کامو التمرد ، ت.د. سهیل ادریس ، بیروت .
- زاهد ، زهیر غازی (2005). شعر ابن لنك البصری ، کولونیا ، المانیا .
-زاید، خوله محمد (2000) . العلاقه بین الضغوط النفسیة والتمرد , رسالة الماجسیر ، جاوعة ئوتة ، الاردن .
-غرب ، محمداحمد (2005). ظواهر التمرد فی الشعر العربی المعاصر ، مصر .
-مراد ، سعید (1997). الفرق والجماعات الدینیه فی الوطن العربی قدیما وحدیثا، قاهیره.
-زکریا ، فؤاد (1965). التمرد عند کامو ، مجلة فکر المعاصر ، عدد الثالث ، مایو
-سلوم ،سفانة داود (2007). ظاهرة التمرد فی ادب الرصافی والزهاوی ، الرسالة الماجستیر ، جامعة بغداد ، کلیة التربیة ابن الرشد.
- ئەحمەد، ڕۆشنا ( 2003). فەرهەنگی فەلسەفە ، گۆڤاری زانستی سەردەم ، سلێمانی .
-- بابان- ، شکرالله (1384 ) . فەرهەنگی فارسی وکوردی ، انتشارات کردستان ، تهران .
- شرفکندی ، هەژار (1349) ، هەمبانە بۆرینە ، فرهنگ کردی -فارسی ،یك جلدی ، تهران .
– وهبة : مهندس(1984). معجم المصطلحات العربیة فی الغة والادب ، ط(2)، لبنان .
FORD ADVANCED, LEARNER'S, DICTIONARY, INC. (2001). -OXFORD OX
-عەتا قەرەداغی (2003) . گۆڕینی شووناسی کات لەشیعری (یاخیبوون)ی لەتیف هەڵمەت . .wtarikurd.info